# گوارەی گەورە و رەنگاڵەی پاییزان لە گوێ بکە







جوانی ئێکسسوارەکان، چاو و دڵی زۆربەی خانمان تێر ناکات، تەنانەت ئەگەر رۆژانە سێ، چوار جار ئێکسسوارەکانیان بگۆڕن، دڵیان تێر جوانی نابێت، جوانیی ئەو ئێکسسـوارانەی لە ئێستادا دەردەکەون، مایەی خۆشـحاڵی و سەرنجن کاتێك لە دەست و مل و بەرۆکی کچان و ئافرەتانەوە دەبن، لەم وەرزە رەنگ زەردەدا، کە زۆربـەی گەڵا و دار و بارەکان خۆیـان بە رەنگی خەزان و زەرد نیشـان دەدەن، بۆیە دەبێ خانمان ئەو ئێکسسوارانە لەبەر خۆیان بدەن کە رەنگاوڕەنگن، تا رەنگی پاییز رووپۆش بکەن و رەنگاڵەی بکەن. گوارە، یەکێکە لە نایابترین ئێکسسـوارەکان، کە سـەر و گوێچکەی خانمان بە رەنگە قەشـەنگ و شێوە جۆراوجۆرەکانی دەڕازێنێتەوە. لە مۆدی گوارەی پاییزیاندا، جەخت کراوە لەسـەر گوارەی شـێوە گەورە و زنجیر درێژ، لە بارەی رەنگیشەوە دەڵێن: تا چەند گوارە رەنگاوڕەنگ بێ، ئەوەندە دڵگیر و سـەرنجڕاکێش دەبێ، بۆیـە مۆدی گوارەی وەرزی خەزان، لە گوارەی شـێوە گەورە و رەنگاوڕەنگ و زنجیر درێژە، مەرجیشـە کە دەنکەکانی گوارەکـە لە مورووی بچووك و خڕ بن، مەبەسـت لێرەدا ئەوەیە کە لەگەڵ شـێوەی گوێچەکەدا نەرم و نیان خۆیان بنوێنن و بە جووڵەوە ئەزیەتی پێستی روومەت و سەر چەنەگە نەدەن.

# منداڵەکانت پشتگوێ مەخە!

ئافرەتان چەندە گرنگی بە خۆیان دەدەن، دەبێ ئەوەندەش کارامە بن لە گرنگیدان و ئاگاداربوونی منداڵە چاوگەشەکانیان، چونکە جوانی ئەوان، گوزارشتە لە جوانی دایکەکانیان، واتە پێویستە کارامە و لێهاتوو بن لە جوانی و یەکپۆشی بۆ جل و بەرگی منداڵەکانیان. ئەگەر خۆت وەك شۆخێك بیت و منداڵەکانیشت فەرامۆش بکەیت و جوان نەبن، بە تایبەت کاتێك جگەرگۆشەکانت پاك و خاوێن نەبن و جلێکی جوانیان لەبەردا نەبێ، ئەوا جوانی خۆیشت دەرناکەوێ، بە پێچەوانەوە گرنگیدانت بە منداڵ دەبێتە هۆی دەستخۆشـی لە لایەن کەسانی نزیك و هاوڕێ و دەسـتە خوشکانت، هەر تەنیا ئەوە نییە منداڵەکەت پەروەردە بکەیت، بەڵکو پێویستە جوان و سەرنجڕاکێش و بەرچاویش بن، دەبێت جلی رەنگین و جوراوجۆریشیان لەبەر بکەیت، لەم وەرزەشـدا کەش و هەوا بەرەو سارد بوون دەچێ، دەبێ گۆڕانکاری بەسـەر جلی منداڵەکانتـدا بکەیت، چونکە ئەگەر بـە جلی هاوینەوە بن، رەنگە سەرمایان ببێت و نەخۆش بکەون، بۆیە جلەکانیشیان بگۆڕە، ئەگەر جلی پێشـوو نیـو قۆڵ بوو، واچاکە جلی ئێسـتایان بە قۆڵ بێت، ئەگـەر جلەکانیان تەنك بوون، جلێکی ئەسـتوورتریان بۆ هەڵبژێرە، تا سـەلامەت و دوور بن لە هەوای سـاردی ئەو وەرزە، تا جوان و رەنگینیش بن لەبەرچاوی میوانان و کەسانی دەوروبەرت و قوتابخانەدا.





# چۆن وادەکەی بۆنەکەت بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە؟

زۆربەی خانمان وێڕای ئەوەی کە بۆنی مارکە و گرانبەها دەکڕن، بەڵام گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆن و عەترەکانیان زۆر لەسەر جەستە و دەست و مەچەکیان نامێنێتەوە و زوو بۆنەکەی دەڕوات، کەچی هەندێ لە هاوڕێیان و دەستە خوشکانیان بۆنێکی سادەیان دەست کەوتووە و زۆرترین کاتیش بۆن خۆشن و بەرۆکیان بەبۆنە، پسپۆڕانی بۆنیش بۆ چارەسەری ئەو گرفتە چەندین ئامۆژگاری و ڕێنماییان بۆ خانمان ئامادە کردووە، تا بۆنەکانیان بۆ زۆرترین ماوە بمێنێتەوە و هەردەمیش بۆن خۆش بن.

- زۆربەی خانمان پێیانوایە کە بۆن لێدانی دوای خۆ شووشتن هەڵەیە، کەچی ئەوە ڕاستە، واتە ئەگەر خۆت شووشت، لەو کاتە خانەکانی پێستت دەکرێتەوە و بۆیە دوای خۆشۆرین، دوای لێدانی کرێمی جەستە ڕاستەوخۆ عەتر لە خۆت بدە و بۆ ماوەیەکی زۆریش دەمێنێتەوە.

- واچاکە بۆن ڕاستەوخۆ لە پێست نەدرێت، بەڵکو نێوان جەستە و عەترەکە لە ١٥ سەنتیمەتر کەمتر نەبێت، چونکە لە نزیکەوە بۆن لێدان، دەبێتە هۆی کوڵێ بۆن لە بەشێکی جەستەدا کۆ ببێتەوە و پەرت نە بێت، ئەوەش هەڵەیە و بۆنەکە پەرت ناکات و بڵاویش نابێتەوە.

- دەبێ زانیاریت لەسەر ئەو بۆنە هەبێ کە بەکاری دەهێنێت، ئەگەر ڕێژەی چەوری زۆر بوو، ئەوە کەم بەکاربهێنە، ئەگەر پێستت چەورە، یان پێستت وشکە، زیاتر بەکار بێنە.

- دەبێ بزانن کە هەندێ بۆن لە جل و بەرگ دەدرێن و هەندێکی دیکەش لە جەستە، ئەوانەی ڕێژەی چەورییان زۆرە، دەبێ لە جەستە بدرێن، ئەگینا شوێنی پەڵەی لەسەر جلدا دیار دەبێ، هەروەها بۆنخۆشکەریش دەبێ ڕاستەوخۆ لە جەستە بدرێت، نەوەك لە جلك.

- ئەو شوێنانەی لە جەستەدا بۆ ماوەیەکی زۆر بۆن دەهێڵنەوە و ئارەقە کەم دەکەن ئەوانەن: مل و مەچەك و پشتە دەستەکان و بن گوێچکە، بۆیە بۆن لەو شوێنانە بدە کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە و بۆنت خۆش دەبێ.

- بەر لە جل و بەرگ لەبەر کردن بۆن لە خۆت بدە، تا خانەکانی جەستەت بۆنەکە هەڵدەمژن و پاشان جل لەبەر بکە، واچاکە ماوەی (٥) خولەك بۆن لە خۆت بدەیت پاشان جل لەبەر بکەیت.

- هەمیشە بۆنەکەت لە شوێنی سارد و دوور لە تیشکی خۆر هەڵبگرە و بیپارێزە، چاکتریشە ئەگەر بۆنەکانت لە شوێنی جلەکانت یان دۆلاب و کانتۆری جل هەڵبگریت، کە بەشە بۆنەی دەڕوات با بۆ جلەکانت بچێت.



# بروسک و گەوارەی پاییزان

پاییـــز بە وەرزی خەزان و گەڵاوەرین و ســـەرەتای وادەی بـــاران بارینە، لەو وەرزەدا هەندێ جار بارانی بە گوڕ و هەندێ جاریش لێزمەی باران ئەو وەرزە دەگەشـــێنێتەوە، تەنانەت هەورە تریشـــقە و گەوارە و برووســـکیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەم دواییەش چەند جارێك لە کوردســـتان باران باری، لەگەڵ بارانەکەش برووســـکی بەهێز و گەوارەی دەنگ گەورە، شەوانی کوردستانی ڕووناك دەکردەوە و بە دەنگە بەهێزەی گرمەی دەخستە گوێچکەی هەمووان.

وێنەگرتنی هەورەتریشـــقە ئەستەمە و کارێکی قورســـە، زۆربەی وێنەگرانیش توانیویانە چەندین وێنەی برووسك لە ئاسمانی شارەکانی کوردستاندا بگرن، هەورە تریشقە زۆر بەخێرایی دێ و کەس نازانی لە کام لادێت، یان چاوی مرۆڤ ئەوەندە ناتوانی هەور تریشقە بهێنێتە پێش وەك لە زوومی کامێراکاندا بە ڕوونی بەدیار دەکەون. وەك دەزانن هەورە تریشقە بریتییە لە تەوژمێکی بەهێز و خێـــرا، لە هۆکاری خاڵی بوونەوەی تەوژەمی کارەبایی نێوان هەورەکانی ئاسمان کە جەمسەری کۆ پێکدەهێنن، لەگەڵ جەمسەری ساردیش کە زەوییە، لەو بەریەککەوتنەدا ئەو تیشکانە لەنێو هەورەکاندا بەرەو زەوی دێن و لەو شـــوێنە دەدەن کە بەشێکی زۆری جەمسەری کەم واتە سالبی لێی کۆ بوونەتەوە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی ئاسنی تیژ و ســـەر باڵەخانە و تەنانەت هەندێ جاریش لە مرۆڤیش دەدات، بۆیە لە ســـەر هەموو باڵەخانەیەك تاوەرێك هەیە بـــۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو هەورەتریشـــقانە، هێزی برووسك دەگاتە (٥ بۆ ٢٥) هەزار ئەمپێر، هەروەها ڤۆڵتی کارەبای برووســـك دەگاتە نێوان (١٠٠ تا ملیۆنان ڤۆڵت)، زیاتریش هەورەتریشقە لە هەوری ڕەش دروســـت دەبێـــت، هەروەها کاتێك هەورەتریشـــقە، دوای ٣ تا ٤ چرکە ئینجا دەنگەکەی دەکات، بەهۆی ئەوەی کە ڕووناکی خێراترە لە دەنگ.





# لە چاوی باڵندەکان و لە ئاسمانەوە جیهان!

جاران کە فڕۆکە نەبوو، هەموو کەسێك بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە بفڕێ، چۆن و چی دەبوو. تەنانەت زۆربەی خەڵکی پێشتر و ئێستاش، بیر لەوە دەکەنەوە کەوا ئێمە لە چاوی باڵندەکان چۆن و بە چ شێوەیەك دەردەکەوین، چونکە هەردەم ئێمە باڵندەکانمان لێ دیارە و دەزانین لە ئاسمانەوە چەندە بچووك دەبنەوە، ئەوە بووە بیرۆکەی وێنەگرێکی رووسی، کە مرۆڤ لە چاوی باڵندەکانەوە ببینێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵسا بە کارێك تا بتوانێت وێنەی زەوی و خەڵك و شوێنەکان لەو بەرزاییەوە ببینێت کە باڵندەکان پێیدە گەن. ئەو وێنەگرە ناوی (ئیڤانۆ کازان)ـە و لە گەڵ تیمێکدا توانیوانە چەندین کامیرای بەهێز و پێشکەوتوو لەسەر زگ و پشتی چەند باڵندەیەك جێگیر بکەن، کە ئەو باڵندانەش بۆ ماوەیەکی زۆر کۆچ دەکەن، تەنانەت زۆربەی وڵاتەکانی جیهانیش دەکەن، ئەو ئامێرە پێشکەوتووە ناوی (AIR POINT VEIWER)ـە، کە دەتوانێت لە بەرزاییەکی زۆردا وێنەکان بە جوانی بگرێت و دواتریش راستەوخۆ بۆ کۆمپیوتەرێکی بنێرێت تا وێنەکان هەڵبگرێت. ئەو پرۆژەیەش لە بەدەستهێنانی وێنەی جیهان لە چاو و پێگەی باڵندەکان لە ئاسمانەوە سەرکەوتوو بوو.

# کەمانچە زێڕینەکە بایی (١٢٤) ملیۆن دۆلارە



زۆرێك لە میوزیك ژەنەکان، ئامێرەکانیان ئەوەندە هەموو دنیا خۆشدەوێت، تەنانەت شەو و رۆژ بە دیار خۆیانەوە دایدەنێن، چونکە لەو ئامێرەدا هەست و سۆز و بەهرەی خۆیان دەردەبڕن، جگە لەوەش هەر میوزکژەنێك جۆرە ئامێرێکی بە دڵە و دەیژەنێت و شارەزایی و پسپۆڕی لێی دەبێت. بۆ میوزیکژەن و هەوادارانی ئامێری کەمانچە، کە ئامێرێکی بەسۆزی میوزیکە، بەم دواییە گرانبەهاترین کەمانچەی لە وڵاتی چین دروست کراوە، سەراپای لە زێڕە و تەنانەت تەلی کەمانچەکەش لە زێڕە، واتە پێکهاتەکەی نزیکەی (١٤) کیلۆگرام زێڕی تێدا بەکار هاتووە. رەنگی زەردی زێڕینە، نرخەکەی بە دراوی چینی دەگاتە (١٥) بلیۆن یوان، واتە (١٢٤) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، ئەو کەمانچەیە، هەر تەنیا ئامێرێکی میوزیك نییە، بەڵکو سەرمایەیەکی داراییە و ئەوەی بیەوێ ئەو پارەیە هەڵبگرێت، پێویست ناکات ئەو بڕە پارەیە بباتە بانك، بەڵکو دەتوانی لەناو ئەو کەمانچە زێڕەی دابنێت.







# پێشبڕکێی ناشرینترین ڕووخسار

لە وڵاتانی جیهاندا پێشبڕکێی جۆراوجۆر هەن، کە هەموویان بۆ کات بەسەربردن و بۆ نازناو و خەڵات وەرگرتنە، هەندێ لەو پێشبڕکێیانەش جێگەی سەرسامی هەمووان دەبێ. بێگومان هەموو کەسێك حەز دەکات کە ڕووخسارێکی جوان و سافی هەبێ و بە جوانترین شێوەش ڕووخساری خۆی نمایش بکات، بەڵام ئەوەتا لە وڵاتی بەریتانیا پێشــبڕکێیەك ئەنجامدراوە، بۆ ناشــرینترین ڕووخســاری مرۆڤ، ئەوانەی بەشدارییان تێدا کردووە نزیکەی (٣٥) کەســن کە لەو پێشــبڕکێیەکەدا ســەر و سیمای خۆیان بە ناشــیرینترین شێوە نیشان دەدەن، خەڵاتیش بۆ ئەو کەســەیە کە ڕووخساری ناشایستەترین و


## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !





## پەند و وتە



**- ئەبراهـــام لینکۆڵـــن، دەربـــارەی هەڵچـــوون و توڕەبوون دەڵێ :**

ئەگەر کەسێکتان بینی کە هەردەم هێمنە و توڕە نابێت و هەڵناچێ و گرنگی بە هیچ شــتێکیش نادات و هەموو شتێك لەلای جێگەی بایەخ نییە، بزانە کە ئەو کەسە تێر بــووە لە چێژی زام و ئازار، چونکــە ئــەو قوناغە لەو کاتە دێ کە کەســێك دوای ئازارێکی زۆرەوە، هەســتی دەمارگیــری لــە ناخیــدا نامێنێت.

## بۆ زانیاریت






### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

مەرج نییە هەموو کارێکت ئەنجامەکەی بە دڵی تۆ بێت، دەبێ پەلە نەکەی و ئارام بگریت، کارەکەی ئێستات ماندووت دەکات و پێویستیت بە گۆڕانکاری لە ژیانتدا هەیە، سەرەتا لە هەست و سۆزەوە دەست پێ بکە. بە مەرجێك هەڵنەچیت لە کاتی تووڕەبوون، دەتوانیت ڕووبەڕووی کێشەکانت ببیتەوە.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بیرکردنەوەیەك دوورە لە کەسایەتی و هەست و سۆزت، ماوەیەکە کۆنترۆڵی خۆت ناکەیت و لە زۆربەی کارەکانتدا دەکەیتە ناخۆشی و کێشە دروست دەکەیت. کەسایەتیت جوانە و با وا بمێنێتەوە، هەنگاوەکانت پێویستیان بە چارەسەرییە و هەوڵێکی بۆ بدە، لە بواری کۆمەڵایەتیء پیشەییدا هەنگاوی سەرکەوتووانە دەهاوێی.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە داهاتوویەکی زۆر نزیك کاتێکی خۆشت دەبێت، بەڵام سەرەتا لەگەڵ ئەو کەسەی کە ماوەیەکە لە یەکتر نزیکن، دەبێت خۆتان یەکلایی بکەنەوە. هەندێ لە کارەکانت پێویستیان بە چاوپێدا خشاندنەوە هەیە، لەم کاتەکەدا پێویستە خۆت لە کاری کەسانی دیکە هەڵنەقولتێنیت، دەرفەتی باش کە بۆت ڕێککەوت لە دەستی خۆت مەدە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویستە بڕیارەکانت لە کات و شوێنی خۆی جێبەجێیان بکەیت، هەر کاتێك ویستت کارێك ئەنجام بدەیت، بزانە ئەنجامدانی گونجاوە، یان سەختە. ئەگەر کارێکت دەستپێکرد بەردەوام بە و بە نیوەیی جێی مەهێڵە، ئەگەر بە هۆشیارییەوە مامەڵە بکەیت، تووشی هەڵە و گرفت نابیتەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

شێوازی ڕەفتارت گۆڕاوە و ئەوانەی دەوروبەریشت پێی ڕازی نین، واچاکە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆت، ئەو مامەڵە توندەی ئێستات کەسێکی خۆشەویستی نزیك خۆتی هەراسان کردووە، گومانت لە دڵسۆزی کەسە خۆشەویستەکەت نەبێ، ئەو جێگەی ئەو پەڕی متمانە و ڕێزە، بۆیە قەدری بزانە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

خۆت لەگەڵ کەسانی نزیکت بگونجێنە و پێویست ناکات زیاد لە پێویست خۆت لە کێشەی کەسانی دیکە نزیك بکەیتەوە، تا بۆیان چارەسەر بکەیت. چاوت لە کارەکانی خۆت بێت و مەهێڵە کاریگەری کەسانی دیکە ژیانت تێکبدەن، باشتر وایە بوێرانە دەستبەرداری ئەو کەسانە بیت، کارەکانت بێ گرفت بەڕێوەدەچن.



ناشـــرینترین شێوە ببەخشـــێ، لە ئەنجامدا، (جۆردەن بلاك) خەڵاتەکەی بەدەستهێنا، هەروەها لە ئافرەتانیش (ئان وۆدز) بووە خاوەن خەڵاتی ناشـــرینترین ڕووخســـاری ئافرەتان، ئەو پێشـــبڕکێیە ســـاڵانە لە ناوچەی (کەمبیریای ئینگلیزی) ئەنجام دەدرێت.

## یاری پیت

**هەوڵبدە لە ڕیزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی:**

ح ی م و ە

**ئاسانکاری: ناوی شاعیرێکی کوردە!**

# وێنەکێشان لەسەر گەڵای دارەکان





لـــەو وەرزەدا زۆربەی گـــەڵای دارەکان زەرد دەبن و دەکـــەون، ئەوەش ئەنەریتـــی وەرزی پاییزە، ئەو کچە پۆڵەندییـــەش دڵی نەهـــات کە گـــەڵای دارەکان بە خەســـار بچن، هەر بۆیە بیرۆکـــەی ئەوەی بۆ هات کە ســـوود لە گـــەڵای دارەکان ببینێت تـــا ببنە تابلۆی وێنەکێشـــان، ئەو کچە ناوی (جوانـــا ورزاکا)ـــە و وێنەکێشـــانەکەی زۆر جیاوازە و وێنەکانی ســـەر گەڵاکان ڕەنگاوڕەنگن، وەك ئەوەی وێنەیەك بێت و لەسەر ئەو گەڵایانە چاپ کرابێت، کەچـــی هەمووشـــی بە دەســـتی خۆی کێشاون، لەسەر گەڵاکانیش، وێنەی سرووشـــتی و شـــار و شوێنە بەناوبانگەکانی جیهانی کێشاوە، تا ئێســـتا نرخێکـــی زۆریان بە بەرهەمەکانـــی ئەو کچە وێنەکێشەی سەر گەڵای دار داوە.

**- نرخی ئامێرەکانی مۆبایل**

ڕەنگە زۆربەی خەڵك بپرســـن، ئاخۆ بۆ نرخی هەندێك لە ئامێرەکانی مۆبایل گرانە و نایێتەوە خوارەوە، ئەگەرچی لە سەرەتادا بە نرخێکی زۆر دەفرۆشرێت، کە ئەوەش نرخێکە خاوەن کۆگا و دووکانەکانی فرۆشـــتنی مۆبایل لە خۆیانەوە دیاری دەکەن، هەر ئەوەشە وایکردووە کە نرخەکانی مۆبایل لە شـــوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەبێ، بەڵام نرخێکی دیاری کراوی خۆی کە بە نرخی دروســـتکردن و تێچووی ئامێرەکەیە، شتێکی دیکەیـــە! ئەگەر تازەترین مۆبایل وەربگرین وەك نموونە، (ئایفۆن ٦ی ئیس)، با بزانین نرخی خۆی لە کارگە و کۆمپانیا چەند دەوەستێت: شاشە: ٤٢,٥٠$، پاتری: ٣,٥٠ $، کامێراکان :١٩$، میمۆری و کارپێکەر : ٥٨,٥$، بڵندگۆی دەنگ ٧,٥٠ $، بەرگی دەرەوە : ٢٨$، بەشـــەکانی دیکـــەش بە جوانکاری و ئامادەکـــردن : ٨٦$ واتە نرخی کۆتایی دروســـتکردنی ئامێرێکی مۆبایل دەگاتـــە (٢٤٥)$ بە هەموو تێچووەکانی، کەچی لە بازاڕەکاندا بەم نرخە خەیاڵییانەوە دەفرۆشرێن.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

شێوازی بیرکردنەوەت بۆ ژیانی ئێستا دروست نییە، چونکە بیرکردنەوەی خراپت بۆ داهاتوو هەیە، بیر لە ڕابردوو مەکەوە و خۆت بە داهاتوو سەرقاڵ بکە، ماوەیەکە زۆر بیر لە کەسێك دەکەیتەوە و پێویست ناکات ئەوەندەی بۆ بکەیت، لەم ماوەیەی داهاتوودا کارێك دێتە پێش کاریگەری لەسەر ئایندەی ژیانت دەبێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

خەریـکە کارەکـانت لـە دەسـت دەدەیـت، بەهۆی ئەوەندە خەریك بوونت بە کێشەی کەسێکی دیکەوە، لە هەوڵەکانت بەردەوام بە و گرنگی بە داهاتووت بدە، ئارام بە و زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت، هەر کارێك دەیکەیت پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، تا ئەنجامەکەی بە دڵت بێت و پەشیمان نەبیتەوە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەنگاوەکانت جێگەی شانازیتن و کارەکانت بە جوانی بەڕێ دەکەیت، بەڵام هەر ئەرکێك پێت دەسپێرن، هەمیشە بە بیرۆکەی خۆت بە تەنیا جێبەجێ مەکە و ڕاوێژ بە کەسانی دڵسۆزت بکە، بەڵام لە بڕیاردانەدا زیاتر پشت بەخۆت ببەستی باشترە لەو کەسانەی کە بەرژەوەندی تۆیان ناوێ. کەسێکی نزیکیشت هەردەم چاکە و دڵنەوایی تۆی دەوێ.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بە هەنگاوی کەسانی دیکە کاریگەر مەبە و مەهێڵە کارەکانت لێ بشێوێنن و خۆت بە تەنیا بڕیارەکانی ژیانت جێبەجێی بکە، کەسێکیش دەیـەوێ دژایەتیت بکات و چاوکراوەبە لە هەنگاوەکانت. دیارییەك لە دۆستێکی دێرینت پێدەگات، گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکەیت و ڕێز لە یەکتر دەگرن.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بێزاریت نابێت ببێتە کۆسپێك لە بەردەم کارەکانت، ئەگەرچی ماوەیەکە دڵتەنگی، بەڵام کاتییە و نامێنێت، مەهێڵە ئەو دڵتەنگییە بە سەر ژیانی تایبەتیت کاریگەری دابنێت و لێکدانەوەی خراپ بۆ داهاتوو مەکە. ژیرانە بیر بکەوە و بڕیار بدە، هاوسەنگی لە نێوان دڵ و عەقڵدا پێویستە، هەر هەنگاوێت نا، سەرەتا بیری لێ بکەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بیر کردنەوەت بۆ داهاتوو ڕەنگە تووشی بێزاریت بکات، هەوڵبدە ژیانی خۆت ڕێکبخەیت و بیر لە هەنگاوەکانی داهاتووت بکەیتەوە و بە کێشەی کەسانی دیکەوە کاریگەر مەبە، کە بڕیارێکت دا لێی پەشیمان مەبەوە، هەندێك هەڵسوکەوت دەکەیت، دەبنە مایەی سەرسامبوونی دەوروبەرەکەت، زیاتر متمانەت بەخۆت بێت.